# لە سێ ساڵی تردا، کورد ڕۆژانە یەک ملیۆن بەرمیلی نەوت دەخاتە بازاڕەکانەوە

## دکتۆر بایەزید حەسەن:"شەهرستانی سێ ساڵ و نیوە نەیتوانیوە گرێبەستێک ئیمزا بکات"

ڕاپۆرت: سامان کەریم

**ئەندامێکی لیژنەی نەوت و گاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت:"عێراق بۆیە ڕازی بووە لە ناردنە دەرەوەی نەوتی کوردستان، چونکە میزانییەکەی لە وەزعێکی خراپدایە، ئەگەرنا ئەوان ڕازی نەدەبوون".**

یەکەم ڕۆژی سەرەتای ئەم مانگە، لە هەولێرەوە تاڵەبانی و بارزانی بەیەکەوە قوفڵی ئەو بۆڕییە نەوتانەیان کردەوە کە بۆ یەکەمجارە لێیەوە نەوت لە خاکی کوردستانەوە ڕەوانەی جیهان دەکرێت. لە ئاهەنگێکی گەورەدا کە نە سەرۆک وەزیری عێراق و نە وەزیری نەوتی عێراقی و نە هیچ یەکێک لە مەسئولە پەیوەندەدارەکانی نەوتی عێراقی ئامادەی بوون، تاڵەبانی وتی:"ناردنە دەرەوەی نەوتی کوردستان بە گوێرەی ماددەکانی ١١١ و ١١٢ی دەستور یاساییە".

ماوەی زیاتر لە سێ ساڵە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکانی جیهاندا دەکات بۆ هەڵکەندنی بیرە نەوت لە سنوری کوردستاندا. لەوساوە، ئێستاشی پێوە بێت حکومەتی عێراقی دان بەو گرێبەستانەدا نانێت و بە نایاسایی دایدەنێت.

ئەو کۆمپانیایانەی نەوت لە کوردستاندا دەردەکەن زۆرن، لە نمونەی (ڕلاینس)ی هیندی، (O M V)ی ئوستڕالی، (M O L)ی مەجەری، (D N O)ئینتەرناشناڵ) و (ئەداکس پترۆلیۆم) و چەند دانەیەکی تریش. بەپێی هەندێک لەو گرێبەستانە ٥%ی داهاتی نەوتی هەر کێڵگەیەک بۆ کۆمپانیاکە دەبێت.

حوسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراقی ڕایگەیاند حکومەتی عێراق ئێستاش دان بەو کۆمپانیایانەدا نانێت کە نەوتیان لە کوردستان دەرکردووە و بە نایاسایی لە قەڵەم دەدات.

دکتۆر بایەزید حەسەن ئەندامی لیژنەی نەوت و گاز لە پەرلەمانی عێراقی بە (زەنگ)ی وت:"با شەهرستانی وا بڵێت، ئەو سێ ساڵ و نیوە وەزیری نەوتە تا ئێستا نەیتوانیوە یەک گرێبەستی وا بکات، لەجیاتی ئەوەی بەرهەمی نەوتی عێراق زیاد بکات، کەمی کردووە".

دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا، هۆکار بووە بۆ ئەوەی ئێستا حکومەتی عێراقی ڕازی بێت بە ناردنە دەرەوەی نەوتی کوردستان، ئەویش بەو مەرجەی داهاتەکەی بچێتە خەزێنەکەی شەهرستانییەوە. بایەزید حەسەن دەڵێت:"بێگومان ئەگەر نەوت ئەو دابەزینەی بەخۆوە نەدیتایە و بودجەی عێراقیش لە کەمی نەدایە، ئەوان ڕازی نەدەبوون".

ئەندامەکەی لیژنەی نەوت و گازی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژە بەوە دەکات لە ئێستادا پلانەکە وایە هەردوو کێڵگەی (تەق تەق) و (تاوکێ)ی زاخۆ کە نەوت بە بۆڕییەکانی عێراقدا دەنێرنە تورکیا، ڕۆژانە ١٠٠ هەزار بەرمیل نەوت هەنارده بکەن. هەتا نیوەی ساڵی داهاتوو ٢٥٠ هەزار بەرمیلی ڕۆژانە هەبێت و ٢–٣ ساڵی تریش بەرهەمەکەی بگاتە یەک ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

بەپێی ئەو ئامارانەی دەستی (زەنگ) کەوتوون، عێراق ڕۆژانە دوو ملیۆن و ٤٠٠ هەزار بەرمیلی نەوت ڕەوانەی دەرەوە دەکات. داهاتی نەوت ٩٠%ی داهاتی هەموو عێراق پێک دەهێنێت، بەو پێیە لە ساڵی ڕابردوودا داهاتی حکومەتی عێراقی لە نەوتدا گەیشتوەتە سێ سەد و پەنجا و دوو ملیۆن و ٨٠٠ هەزار دۆلار لە ڕۆژێکدا. ئەوەش وایکردووە عێراق جگە لەوەی ئەندامی ڕێکخراوی دەوڵەتانی هەناردەی نەوت (ئۆپیک) بێت، لەهەمانکاتدا سێیەم گەورەترین دەوڵەتی جیهانە لە یەدەگی نەوتدا کە بەلای کەمەوە ڕۆژانە بە ١١٥ ملیار بەرمیل دەخەملێنرێت.

لەگەڵ ئەوەی نەوت کۆڵەکەی داهاتی حکومەتی عێراقییە، بەڵام تا ئێستا پەرلەمانەکەی نەیتوانیوە یاسای نەوت و گاز لە عێراقدا پەسەند بکات.

دکتۆر بایەزید حەسەن ئەندامی لیژنەی نەوت و گاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی وتی:"مانگی شوباتی ڕابردوو حکومەتی عێراق و حکومەتی کوردستان ڕێککەوتن لەوەی کۆمەڵە یاسایەک بەیەکەوە بێنە پەرلەمان و پەسەند بکرێن، لەوانە یاسای نەوت و گاز و یاسای دابەشکردنی داهاتی نەوت و یاسای دووبارە دامەزراندنەوەی کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی عێراقییە".

بایەزید حەسەن ئەوەشی نەشاردەوە کە دواکەوتنی پەسەندکردنی ئەو یاسایە پەیوەندی بە ناکۆکییە سیاسییەکانیشەوە هەبێت. لەو ڕووەوە دەڵێت:"زۆر لە کوتلەکان ڕازی نین ئەو کۆمپانیایانە بێنە عێراق و نەوت دەربهێنن، پێیان وایە ئەوە داگیرکردنەوەی عێراقە بەشێوەیەکی تر، تیایشیاندا هەیە نایەوێت خەڵکی عێراق خۆشگوزەران بێت".


عێراق ڕۆژانە دوو ملیۆن و ٤٠٠ هەزار بەرمیلی نەوت ڕەوانەی دەرەوە دەکات

## ئەندامێکی زەنگ دەبێتە بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیان

شکور حەمەی هەیەر، ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی هەفتەنامەی زەنگ، لە هەفتەی ڕابردوودا وەک بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیان دەست بەکار بوو، بەو بۆنەیەوە هەموو ستافی زەنگ پیرۆزبایی دەبەخشێتە ئەو ئەندامەی خێزانەکەی و هیواداریشین لە کارە تازەکەیدا سەرکەوتوو بێت و لەماوەی دەسەڵاتی ئەودا، شوێنەوارەکانی گەرمیان لە لەناوچوون بپارێزرێن.

**دادگای بەرایی کفری** **ژمارە ١٢١ ب ٢٠٠٩**

**ئاگاداری**

داواکار (برهان محمد رشید) داوای ژمارە ١٢١ ب ٢٠٠٩ی کردۆتەوە لەم دادگایە و داواکارە نازناوەکەی بگۆڕێ لە (البیاتی)ەوە بۆ (الزنگنە) جا هەر کەسێک کە لاری هەیە لەو ناو گۆڕینە با لەماوەی ١٠ ڕۆژدا سەردانی ئەم دادگایە بکات، ئەگینا دادگا تەماشای داواکە دەکات بە پێی یاسا.

**دادوەر**

**فریدون محمد علی**

## ئاواییەکانی دۆڵی گومار یاداشت دەدەنە حکومەت

**زەنگ–کفری:**

دانیشتوانی شەش ئاوایی دۆڵی گوماری سەر بە شارەدێی کۆکس داوا لە حکومەتی هەرێم دەکەن ئاوڕیان لێی بداتەوە بۆ ئەو مەبەستەش چەند ڕێگە چارە یەکیان خستوەتە پێش ئیدارەی گەرمیان.

خەڵکی ئاواییەکانی (ڕەحیم وەرقە و چەتاڵ و سەید حوسێن و سالم و پیرە فەقیرە و مەحمود فاتە) داوا لە حکومەتی هەرێم دەکەن خزمەتگوزاری پێویست بگەیەنێتە ئاواییەکانیان و هەروەها پرۆژەی ئاوی شێخ لەنگەر–گومار تەواو بکرێت تا دەگاتە ئاوایی ڕەحیم وەرقە بەڵکو ناوچەکە لە ڕووی ئاودێریەوە ببوژێتەوە.

کەریم حەمید کە یەکێک لەوانەی یاداشتێکیان ئیمزا کردووە و دەیدەنە ئیدارەی گەرمیان و دانەیەکی بۆ (زەنگ) نێردراوە، وتی:"ئێمە وەک ٧ کەسی نوێنەری ئەو ئاواییانە ئیمزامان لەسەر داواکاریەکی شەش خاڵ کردووە و ئاراستەی ئیدارەی گەرمیانمان کردووە لە ڕێی قایمقامیەتی کفرییەوە". ئەو مامۆستایە کە خەڵکی ڕەحیم وەرقەیە زیاتر دەڵێ:"چاک کردن و قیرتاوکردنی ڕێگای کفری–کۆکس کە بە ئاواییەکانماندا تێپەر دەبێت هۆکاری سەرەکی بوژانەوەی ناوچەکەمانە".

### دەرمانی بەسەرچووی دەفرۆشت

## لە سەعدیە یاریدەدەرێکی پزیشکی لەنێو دەرمانخانەکەیدا کوژرا

زەنگ–نووسینگەی کەلار–بڕیار محەمەد

**ئەم هەفتەیە ژمارەیەک چەکداری نەناسراو کە دەمامکیان بەستبوو لەگەڕەکی حەڤدەی تەمووزی ناحیەی سەعدیە یاریدەدەرێکی پزیشکیان دایە بەر دەستڕێژی گوللە و کوشتیان.**

سەرچاوەیەکی پۆلیسی سەعدیە وێرای پشت ڕاستکردنەوەی هەواڵەکە وتیشی:"هێشتا دۆخی سەعدیە نائارامە و ئەو یاریدەدەری پزیشکیەش بەناوی عیماد خەلەفە تا دوای ١١ی شەو لەدوکانەکەی ماوەتەوە بۆیە چەند چەکدارێکی توندڕەوی نەناسراو هاتونەتە ناو دوکانەکەی و کوشتویانەو دەست بەجێ هەڵاتوون".

جێی ئاماژەیە چەند هاووڵاتیەکی سەعدیە، کە نەیانویست ناویان بڵاوبکرێتەوە ئاشکرایان کرد ئەو کەسە داودەرمانی بەسەرچووی بە هاووڵاتیان فرۆشتووە و چەند جارێکیش ئاگادار کراوەتەوە، بەڵام بەردەوام بووە لە کارەکەی. ئەوان وتیشیان:"پێدەچێت هۆکاری کوشتنەکەی ئەوە بووبێت".

### نزیکەی ٨٠ دۆنم زەوی پیس کردوە

## پاشەڕۆی کفری شارێکی لە زبڵدان دروست کردوە

ڕاپۆرت: قادر قەرەداغی

پاشەڕۆ و خاشاکی کفری زۆر نزیک شارە و ڕووبەرێکی فراونی داگیر کردووە و بۆتە مایەی بێزارکردنی چەندین ئاوایی و سەرۆکی شارەوانی کفری دەڵێ:"هەقی خۆیانە ولەم ڕۆژانەدا دووری دەخەینەوە".

لەگەڵ تێپەریندا بۆنی ناخۆش وکروزی سوتاندن ودیمەنی تەپەوڵکەی پاشەڕووی بەر چاوت دەکەوەی وگەر بتەوەی دابەزیت لە ئوتومبێلەکەدا دەبێ بەهەردوو دەستت مێش لەدەوری خۆت دوور بخەیتەوە.

شوفێرێک بەویدا تێدەپەری وتی :"ئەو هەموو زبالەیە ڕێگای خەڵکی گرتووە وبۆەتە سەرچاوەی جۆرەها نەخۆشی ودڵنیام لە ئەنفلونزای بەراز خراپترە وئەمەش ڕێگایەکە ٣–٤ کێڵگەی کشتوکاڵی لەسەرە وڕۆژانە خەڵکی لێرەدا هاتوچوو دەکەن وکەسێک ناتوانی دوو خولەک دابەزێ" محەمەد ڕەحیم هۆکارەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە مێش وبۆنی پیس ئوقرەیی لی تێک دەدات وئێمەش ژیان بەم جۆرە دەبەینە سەر لەکاتی ڕۆیشتن بۆ زەوی کشتوکاڵی خۆمان.

ئەو شوفێرە کە زەوی کشتوکاڵی هەیە دەڵێتیش:" داواکارین شوێنی ئەم پاشەڕوەیە بگوازرێتەوە بۆ شوێنی دیکە ئەمە ڕێگای گوندی دوانزە ئیمام وسەرچەم وپاشا کوژیوا وهەروەها خەڵکی ئاوایی تلیشان لێرەوە هاتوچوو دەکەن هەتاکو ئێستا ٣–٤ جاربە شارەوانی وتراوە بەڵام چارەسەریان نەکردووە وداواکاریمان ئەمجارەش پشت گوێی نەخەن" .

محەمەد ڕونیشی کردەوە، شوێنی دیکە هەیە لە بەرامبەری ئێرە چیای سەرچەمە دەتوانیت چوار هێندەی ئەمە لە دۆڵێکدا ون دەبێت بەڵام بەهۆی نزیکی ئەم شوێنە دێن بەتاڵی دەکەن ودەچن سەرەرای ئەوەی زیانی بێ کوتاییە چونکەنزیکی شارە.

مامۆستا کاوە یاوەر وتی:"ئێرە کارگەی دروست کردنی میکروب وڤایرۆسە بۆ خەڵکی شاری کفری بۆیە دەبینی ڕێگایەکی دوور ودرێژە لەناو پاشەڕوو وزبالە دەبریت".

ئەو پسپۆری فیزیایە ڕونی کردەوە پاشەڕووی کفری نزیکەی ٨٠ دونم زەوی داگیر کردووە وڕێگای چەند کێڵگەیە وهەروەها زیانی بە چەندین دۆنم زەوی گەیاندووە و ڕێگای ئەو لادیانە بەرەو بەستن دەبات .

حوسن کەریم کەبەویدا تێدەپەری بە پێکەنینەوە وتی:" ئەوەی ئەم زبڵدانە ببینی یەکسەر دێتە بەرچاوی شارێکە لە پیسی چونکە شوێنی کۆڵان وگەرەکی تێدا بەدی دەکرێ وئەو کەسەی عاشقی پیسیە دەتوانی چەند خولەکێک تێدا گوزەر بکات بەڵکو عەشقی پیسی لەدڵ دەربچێ" حوسین گاڵتەی بەوەزعەکە دەهات وئاماژەی بەوەدا لێرە پارچە زەوی تێدایە ولە بری جوانی وشوێنی سەوزی میکرۆب وبۆنی سوتان وسەگ تێدا گوزەر دەکات وخەڵکی تووشی دڵتەنگی کردووە ونەخۆشی هەناردەی شاری کفری دەکرێت.

بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ژینگەی گەرمیان وتی :"تەنها ٨کارمەندیمان هەیە وئامادە نین کەسمان بۆ دابمەزرێنن بۆیە ئیشەکانمان باش بەڕێوە ناچێ ".

ئاراز مستەفا وتیشی:" ئەبی خەڵکی پسپۆرت هەبی وئەندازیاری تایبەتت هەبێ لە بواری ژینگە وئێمەش نیمانە بۆیە نەمانتوانیووە ڕۆڵ ببینین لە باشتر کردنی ژینگەی گەرمیان بۆیە ئەو کەموکورتیانەمان هەیە وچەندین جار نوسراومان کردووە بۆ وەزارەتی ژینگە و ئیدارەی گەرمیان بەڵام کەسیان بۆ ئێمە دانەمەزراندووە" .

بەڕێوبەرایەتی ژینگەی گەرمیان سێ مانگە لە گەرمیان دامەزراوە پشکنینی ئاوی خواردن دەکات لە کەلار وئامێرێکی پشکنینی ئاوی لە خانەقینیش داناوە. ئەو بەرپرسە وتیشی:" ئێمە لەوەزارەتەوە خنکاوین وئەوان ڕازی نین ئێمە گەشتی مەیدانی بکەین چونکە بیانویان ئەوەیە کە کەسانی پسپۆر دەبێ سەردانی بکەن بۆیە هەتاکو ئێستا شوێنی پاشەڕووی کفری مان نەبینیوە .

سەرۆکی شارەوانی کفری ئاماژەی بەوەدا کە خەڵکی ئەو لادیانە هەقی خۆیانە گلەیی بکەن چونکە سخڵەتیانی کردووە . نەوزاد ڕەشید وتیشی :"ئێمە لەم ڕۆژانەدا هەوڵی ئەوەدەدەین سەرجەم پاشەڕووەکان بخەینە چاڵێکەوە وهەروەها دووری بخەینەوە"


ئێرە کارگەی دروست کردنی میکروب وڤایرۆسە

نووسینگەی سەرەکی: کفری-بینای کۆنی کتێبخانەی گشتی (تەلەفۆن: ٠٧٤٨٠٢٢٢٦٦) نووسینگەی کەلار: ناو بازاڕ-بینای سەندیکای ڕۆژنامەنووسان (مۆبایل: ٠٧٧٠١٩٩٣٨٢٤).. لە چاپخانەی کەمال لە سلێمانی چاپ دەکرێت
ڕاوێژکاری پەروەردەیی: عەلی حسێن ساڵح ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی: شکور حەمەی هەیەر نووسینگەی کەلار: شەیما جەمال-بڕیار محەمەد